# ”سەکۆ“

# خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ هێز؛ گواستنەوەی سەنگەر بۆ ستۆدیۆ

زاهیر محەممەدی

## پێشەکی

لە بزاڤی سیاسەتی مودێرندا سنووری نێوان "واقع"[١] و "نواندنەوە"[٢] وەها لێک گرێ دراوە کە چیتر ناکرێ هێز لەسەر بنەمای جوغرافیا، ژمارەی دانیشتووان یان توانای سەربازی پێناسە و پێوانە بکەین. گۆڕانکارییە خێراکانی ئەم چەند دەیەی دوایی و بەتایبەت پەرینەوە بۆ چاخی دیجیتاڵ، پارادایمی هێزی لە فۆرمی ڕەقەوە[٣] گۆڕیوە بۆ بەرگێکی نەرم و هێمایی[٤]. لەم گۆڕانکارییە مەزنەدا، ڕاگەیاندن چیتر ئامرازێک نییە بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاری، بەڵکوو خودی هێزە. ئەم وتارە بە چڕبوونەوە لەسەر گۆڕانکارییە سیاسییەکانی کوردستان پاش شۆڕشی ژینا لە ساڵی "١٤٠١" بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارەوەیە کە بۆچی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان سەرەڕای پاشخانێکی قووڵی مێژوویی و سیاسی و ڕاپەڕینی ژینا و سەرمایەی کۆمەڵایەتیی بەرفراوان نەیتوانیوە ئەم پاشخانە بەرفروانە بگۆڕێ بۆ "هێزی هەژموونیک"[٥] لە ئاستی ئێران و جیهاندا، بەڵام ڕەوتی ڕاستئاژۆی شاپەرستی لە ئێران، سەرەڕای نەبوونی پێگە و ڕێکخستنێکی تۆکمەی سیاسی، توانیویەتی لەڕێگەی هەژمۆنی ڕاگەیاندنەوە بگاتە ئاستێک کە خۆی بە تاکە ئەڵتەرناتیڤی دەسەڵاتی نوێی ئێران بنا سێنێ .

ئامانجی سەرەکیی ئەم وتارە شیکردنەوەی ئەم خاڵە پێویستەیە بۆ حیزبە سیاسییەکانی کوردستان کە نابێ ڕاگەیاندن تەنیا بە دەزگایەکی پڕوپاگەندە و بڵاوکردنەوە سەیر بکەن، بەڵکوو ڕاگەیاندن بکەنە بناغەی سەرەکیی هێز و سەنتەری دیپلۆماسیی خۆیان لە ئاستی کوردستان، ئێران و جیهاندا.

لە ڕاستیدا ئەوە ڕای گشتیی کوردستانە کە لە ئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا چارەنووسی سیاسیی کورد دیاری دەکا و هەر حیزب یان ڕەوت و لایەنێک کە نەتوانێ گێڕانەوەی خۆی بە زمان و پێوەرێکی پیشەیی و سەردەمییانە بەرهەم بێنێتەوە، دەکەوێتە دەرەوەی هاوکێشە سیاسییەکان. ئەم وتارە بە پشتبەستن بە تیۆرەکانی فوکۆ، جوزێف نای و مانوێل کاستێلز، پێی وایە هێز لە جیهانی پۆستحەقیقەتدا[٦] لە دەست ئەو کەس و لایەنانەدایە کە دوگمەکانی ڕاگەیاندنیان بە دەستەوەیە.

وتارەکە ویڕای شیکردنەوەی ڕەچەڵەکناسیی هێز و گرنگیی ڕاگەیاندن لە ئاراستەکردنی ڕای گشتیدا، ڕاسپاردەی ستراتێژیک بۆ پەرینەوەی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان لە "گۆشەگیریی ڕاگەیاندن"ەوە بۆ "ژێدەری سیاسی" دەخاتە ڕوو.

## ١ - ڕەچەڵەکناسیی هێز لە بەستێنی سیاسیدا

بۆ خستنەرووی ڕەچەڵەکناسیی وردی هێز لە بەستێنی سیاسیدا، سەرەتا دەبێ بگەڕێینەوە بۆ سەرهەڵدانی مودێرنیزم لە ڕۆژئاوا. دەرکەوتنی کۆمەڵگا مودێرنەکانی ڕۆژئاوا یەکەم وێستگەی ئەم ڕەچەڵەکناسییەیە کە پێناسەی هێزی لە توانای سەربازییەوە گۆڕیوە بۆ فاکتەرە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان. ماکس ڤێبەر، کۆمەڵناسی ئەڵمانی یەکێک لە

پێشەنگەکانی شیکردنەوەی هێزە لە کۆمەڵگای مودێرندا[١]. ڤیبەر کە هێزی لە جیهانی مودێرندا شی دەکردەوە، سنوورێکی نوێی لەگەڵ ئەو تێگەیشتنە کلاسیکە لە هێز دیاری کرد کە تەنیا پشتی بە سوپا و دامەزراوەی دەوڵەت دەبەست. ڤیبەر "هێز" ٧ و "ئۆتۆریتە" ٨ ی لێک جیا کردەوە. بە ڕای ناوبراو ئۆتۆریتە بریتییە لە هێزێک کە ڕەوایی هەیە. لە کاتێکدا هێز ڕەوایی نییە و تەنیا پشت بە زۆر و دەسەڵات دەبەستێ[٢]. خاڵی جیاکەرەوەی هێز و ئۆتۆریتە لای ڤیبەر، تایبەتە بە پرسی ڕەوایی لەلایەن خەڵکەوە. هێز کە تەنیا پشت بە سوپا و زۆر دەبەستێ بەردەوام نابێ و کورتخایەنە؛ بۆیە بۆ مانەوەی خۆی پێویستی بە گەڕانەوە بۆ خەڵک و ڕەوایی کۆمەڵایەتییە[٣]. ڕەوایی کۆمەڵایەتیش کاتێک مسۆگەر دەبێ کە تاکەکانی کۆمەڵگا بە ویست و حەزی خۆیان ملکەچی هێز ببن، نەک بە زۆر و سەپاندن. بە واتایەکی تر، ئۆتۆریتە، فۆرمی بەردەوامتر و دامەزراوتری هێزە، لە کاتێکدا هێز کاتی و ناسەقامگیرە و لەسەر بنەمای زۆر و دەسەڵاتە نەک ویستی خەڵک. هەر ئەوەش وا دەکا وڵامدەری کۆمەڵگای مودێرن نەبێ و فۆرمی هێز دەگۆڕێ بۆ ئۆتۆریتە.

ئەگەر لە چوارچێوەی دەزگای هزریی ڤیبەردا، خوێندنەوە بۆ هێز بکەین، پەیوەندییەکی زۆر نزیک لە نێوان ڕاگەیاندن و ئۆتۆریتەدا بەدی دەکرێ. ڕاگەیاندن دەبێتە یەکێک لە گرنگترین سەرچاوەکانی بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەی ئەو فۆرمەی هێز کە ڤیبەر ناوی ناوە ئۆتۆریتە. ناوبراو ئاماژە بە چەند مودێلی ئۆتۆریتە دەکا. ئۆتۆریتەی نەریتی، کاریزماتیک و عەقڵانی[٤]. لەم پەیوەندییەدا، ڕاگەیاندن لە ڕێگەی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی مانا، کاریگەریی لەسەر ڕای گشتی و تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی دادەنێ و بە نیشاندانی وێنەیەکی جوان لە سیاسییەکان، دەتوانێ ئۆتۆریتەی کاریزماتیک بەهێزتر بکا. یان بە خستنەڕووی تێگەیشتنێکی نوێ لە سیستەمی سیاسی و یاسایی وڵات، ئاستی ڕەوایی ئۆتۆریتەی عەقڵانی بەرینتر دەکاتەوە. هەروەها بە بەرهەمهێنانەوەی گێڕانەوە مێژوویی و کولتوورییەکان دەتوانێ ئۆتۆریتەی نەریتی بەهێزتر یان زیندوو بکاتەوە. کەواتە ڕاگەیاندن لە ناو دەزگای هزری ڤیبەردا، تەنیا ئامرازی گواستنەوەی زانیاری نییە، بەڵکوو میکانیزمێکە بۆ ڕێکخستن و دابەشکردنی دەسەڵات و ڕەوایی لە کۆمەڵگادا.

وێستگەی دووهەمی ئەم ڕەچەڵەکناسییە دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی هزری پۆست مودێرن؛ بەتایبەت لە بەرهەمەکانی میشێل فۆکۆدا، وەرچەرخانێکی بنەڕەتی لە پێناسە و شیکردنەوەی هێز ڕووی دا. فۆکۆ بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەست و پێناسەکەی لە هێز، لە دوو چەمکی "هێزی دیسیپلین"٩ و "ژینگەی سیاسەت" ١٠ کەڵک وەردەگرێ. بە ڕای فۆکۆ لە جیهانی مودێرندا هێز چیتر لە سەرەوە و لەلایەن دەوڵەتەوە ناسەپێنرێ، بەڵکوو لە ڕێگەی دامەزراوەکانی وەک قوتابخانە، بەندیخانە، نەخۆشخانە و سوپا، یەکەمجار جەستە و دواتریش هزر و بیری تاک دەستەمۆ دەکا. بە شێوەیەک کە تاک بێ ئەوەی پێویستی بە زۆر و ترس بێ، دەسەڵات لەناو خۆیدا بەدامەزراو دەکا [٥].

لە چوارچێوەی چەمکی "ژینگەی

سیاسەت"یشدا فۆکۆ ئاماژە بە ئاستێکی بەرفراوانتری هێز دەکا کە خۆی لە ڕێکخستنی ژیانی دانیشتوواندا دەبینێتەوە. واتە دەوڵەت لە ڕێگەی سیاسەتی تەندروستی، دانیشتووان و داتا، پلان دادەنێ بۆ ڕێژەی لەدایکبوون، ڕێژەی مردووان، تەندروستی و تەمەندرێژی [۶]. ئەم خوێندنەوەیە بۆ هێز زۆر جیاوازە لەو خوێندنەوە کلاسیکەی هێز کە لە چوارچێوەی توانای دەوڵەت یان دەسەڵات بۆ سەپاندنی زۆر و بڕیار پێناسەی دەکا. لە ڕوانگەی فۆکۆوە هێز تەنیا لە پێکهاتەی دەوڵەتدا کورت ناکرێتەوە، بەڵکوو بریتییە لە تۆڕێکی بەرفراوانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، دامەزراوەکان و مەعریفە و لەڕێگەی چاودێری و زانستەوە دەسەپێ نەک زۆری ڕاستەوخۆ.

هەرچەندە فۆکۆ ڕاستەوخۆ تیۆرێکی لەبارەی ڕاگەیاندنەوە نەخستووەتە ڕوو، بەڵام ئەو خوێندنەوەی لەسەر هێز تیۆریزەی کردووە، سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ تویژینەوەکانی تایبەت بە ڕاگەیاندن. لە خوێندنەوەی ڕاگەیاندن لە چوارچێوەی هزری فۆکۆدا، میدیا دەبێتە بەشێک لە میکانیزمی دیسیپلین و گوتاری فوکۆ، چونکە بە بەرهەمهێنان و نواندنەوەی زانست، پێناسەی نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێکخستنی ڕای گشتی، ڕۆڵێکی گرنگ لە پرۆسەی ڕێکخستنی ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی تاکدا دەگیرێ.

وێستگەی سێهەمی ئەم ڕەچەڵەکناسییە دەمانباتەوە سەر چاخی "هێزی نەرم" [۱۱] و "دیپلۆماسیی گشتی" [۱۲] کە جوزێف نای لە پێشەنگە دیارەکانی پەیوەندیی نێودەوڵەتی تیۆریزەی کردووە. لەم پارادایمەی نایدا، هێز لە "زۆر" [۱۳] ەوە دەگۆڕێ بۆ هەوڵی "ڕاکێشان" [۱۴] و "ڕازیکردن" [۱۵] ی ڕای گشتی لە ئاستی ناوخۆ و جیهانیدا. نای بۆ جیاکردنەوەی ئەم جیاوازییە لە دوو چەمکی "هێزی نەرم" و "هێزی ڕەق" کەڵک وەردەگرێ. هێزە ڕەقەکە پشت بە سوپا و فشاری ئابووری دەبەستێ، لە کاتێکدا هێزە نەرمەکە بایەخ بە کولتوور، بەها سیاسییەکان و ڕەواییی سیاسی دەدا [۷].

ئەگەر لە چوارچێوەی دەزگای هزری نایدا سەیری ڕاگەیاندن بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە ڕاگەیاندن لە بەرهەمهێنان و پەرەدان بە هێزی نەرم ڕۆڵێکی گرنگی هەیە. چونکە ڕاگەیاندن بە گواستنەوەی کولتوور، خستنەڕووی بەهاکان و ڕێکخستنی ڕای گشتی لە ئاستی نێودەوڵەتی و وێناکردنی وێنەیەکی جوان دەبێتە هۆکاری هەڵکشانی ئاستی پێگەی وڵاتێک لە ئاستی نێودەوڵەتیدا. کەواتە ڕاگەیاندن نەک هەر لە ئاستی ناوخۆ، بەڵکوو لە ئاستی جیهانییشدا دەتوانێ ببێ بە فاکتەرێکی گرنگی هێز بۆ وڵات یان هەر ڕەوتێکی سیاسی.

لێرەدا ڕاگەیاندن چیتر ئامرازێکی لاوەکی نییە، بەڵکوو ژینگەیەکە بۆ خوڵقاندنی بەهای سیاسی و نیشاندانی دیمەنە جوانە کولتوورییەکان. لەم حاڵەتەدا ڕەوتێکی سیاسیی سەرکەتووە کە بتوانێ گێڕانەوەیەکی مرۆیانەتر و جوانتر لە بەرنامە و ویستە سیاسییەکانی خۆی بخاتەڕوو و کاریگەری لەسەر ڕای گشتی دابنێ و ئاراستەی بکا. ئەو ڕەوت و لایەنە سیاسییانەی تەنیا بایەخ بە هێزی ڕەق دەدەن، لە جیهانی هاوچەرخدا بە تۆمەتی ناڕەوا زوو پاشەکشەیان پێ دەکرێ، مەگەر

ئەوەی بتوانن لەرێی هێزی نەرمەوە پێگەی خۆیان لە ویژدانی نەنوستووی جیهاندا سەقامگیر بکەن.

دوا وێستگەی ئەم ڕەچەڵەکناسییە لە سەدەی بیستویەکەمدا هێز دەبەستێتەوە بە "تۆڕەکانی پەیوەندی" کە مانوێڵ کاستێلز، کۆمەڵناسی ئیسپانی ناوی ناوە "هێزی نێت" [٨]. لە ڕوانگەی کاستێلزەوە لە جیهانی دیجیتاڵدا هێزی سیاسی لە دەرەوەی ڕاگەیاندندا بوونی نییە و هەر بکەرێک کە بتوانێ قرتەکانی پەیوەندی بگرێتە دەست و ڕای گشتیی جەماوەر ئاراستە بکا، هێزی ڕەهای دەکەوێتە دەست[٩]. کاستێلز لە کتێبی هێزی پەیوەندییەکان ئەوە دەخاتەڕوو کە لە کۆمەڵگای نێتدا هێز تارادەیەکی زۆر بەستراوەتەوە بە ئاستی کۆنترۆڵ و ڕێکخستنی پرۆسەکانی ئاڵوگۆڕی پەیوەندی و زانیاری[١٠]. بە ڕای ناوبراو هێز بریتییە لە توانای بنیاتنانی مانا لە زەینی خەڵکدا لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تێگەیشتنی تاک لەسەر سیاسەت، کۆمەڵگا و شوناس لە ژێر کاریگەریی ڕاگەیاندندا سەر هەڵدەدا. لەم چوارچێوەیەدا ڕاگەیاندن بەتایبەت ڕاگەیاندنی دیجیتاڵ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، دەبنە گۆڕەپانی سەرەکیی ململانێ. بکەرە سیاسییەکان، دەسەڵات و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان هەوڵ دەدەن لەڕێگەی ڕاگەیاندنەوە مانا، گێڕانەوە و وێنەی دیاریکراو و مەبەستدار لە واقعی کۆمەڵایەتی بخەنەڕوو. بۆیە کاستێلز پێی وایە لە جیهانی هاوچەرخدا ململانێی دەسەڵات زیاتر لەسەر کۆنترۆڵی ڕاگەیاندن و بەرهەمهێنانی مانایە. بە گوێرەی ئەم خوێندنەوەیە ڕاگەیاندن و تۆڕەکانی پەیوەندی دەبنە چەقی ڕێکخستن و ئاراستەکردنی ڕای گشتی و ڕەوایی سیاسی.

## ٢ ـ ڕاگەیاندن وەک سەرچاوەی هێز و ئاراستەکردنی ڕای گشتی

لە چوارچێوەی ئەو تیۆرانەی سەرەوەدا کە هەرکام لە گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە هێزیان پێناسە کردووە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگای هاوچەرخدا، تەنیا ئامرازێکی لاوەکی و دەزگایەک نییە بۆ گواستنەوەی هەواڵ و زانیاری، بەڵکوو گۆڕاوە بۆ ناوەند و گۆڕەپانی ململانێی تێگەیشتنە جیاوازەکان.

مانوێڵ کاستێلز لە شیکردنەوەی پێکهاتەی هێز لە چاخی نوێدا لەسەر ئەوە پێداگری دەکا کە هێز لە "کۆمەڵگای نێت"دا، پشت بە پەیوەندییەکان و هێماکان دەبەستێ نەک بە دامەزراوەکانی دەسەڵات. بەپێی ئەم خوێندنەوەیە هەر بکەرێک کە بتوانێ پرۆسەی کۆددانان و شکاندنی کۆدەکانی ئەم پەیوەندی و هێمایانە بگرێتە دەست، دەتوانێ هەژمۆنی خۆی بەسەر جەماوەردا بسەپێنێ[١١]. ئەم فۆرمەی هێز لە ڕێگەی میکانیزمە ئاڵۆزەکانی وەک زەقکردنەوە پراکتیزە دەکرێ. ڕاگەیاندن لەم تێگەیشتنەدا بە بەردەنگەکەی ناسەپێنێ کە چۆن بیر بکاتەوە، بەڵام بە وردبینییەکی پلان بۆداڕێژراوی پیشوەختە ئەوە زەق دەکاتەوە کە دەبێ بیر لە چی بکاتەوە و کام دیاردانە بە دەرفەت و کام دیاردانەش بە هەڕەشە بزانێ. لە ڕاستیدا ڕاگەیاندن بە خوڵقاندنی واقعێکی دەسکرد، بازنەی کاری سیاسی سنووردار یان بەرفروان دەکا و ئەوەش وا دەکا ئەمڕۆکە هیچ کردەیەکی سیاسی تا لە ڕاگەیاندندا ڕەنگ

نەداتەوە، زەق نابێتەوە و بایەخی سیاسییش پەیدا ناکا. خوێندنەوەیەکی بەراوردکارانە لە نێوان بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان و ڕەوتی ڕاستئاژۆی شاپەرەستی لە ئێران ئەم کاریگەری و تێگەیشتنە زیاتر ڕوون دەکاتەوە.

### ئا) پەرینەوەی شاپەرەستەکانی ئێران لە پەراوێزەوە بۆ ناوەندی سیاسی

ڕەوتی ڕاستئاژۆی ئێرانی لە سەرەتای چالاکیی سیاسیی خۆی بە تێگەیشتن لە گرنگیی ڕاگەیاندن لە دەستەبەرکردنی هێز، ستراتێژیی خۆی لەسەر "داگیرکردنی فەزا" و سەپاندنی "هەژمونی ڕاگەیاندن" چڕ کردەوە. ئەم ڕەوتە بە وەبەرهێنان لە بواری ڕاگەیاندن بە هێنانەئارای تێکەڵێکی جوان لە بەها مودێرنەکانی لیبراڵ دیموکراسی، گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و شیکردنەوەی سیاسیی ئامانجدار، توانی پەیوەندییەکی "سۆزدارانە ـ مێژوویی" لەگەڵ نەوەیەک دروست بکا کە هیچ بیرەوەرییەکی لە سەردەمی شا نەبوو. ئەم ڕەوتە بە پشتبەستن بە ڕاگەیاندن و تاکتیکی "نۆستالۆژیای ڕەنگدانەوە" وێنەیەکی جوان، بەڵام وەهمیی لە ڕابردوو خستە ڕوو بۆ ڕەخنەگرتن لە دۆخی ئێستای کۆمەڵگای ئێران و دروستکردنی ئاسۆیەکی نوێی سیا سی.

لە پاش ڕاپەڕینی ژینا (۱۴۰۱) و قووڵبوونەوەی خەباتی جەماوەری دژی دەسەڵات، ڕاگەیاندنی سەر بە ڕەوتی شاپەرەستی بە چڕکردنەوەی هەوڵەکان و کەڵک وەرگرتن لە تەکنیکی چوارچێوەی ستراتێژیک توانی خۆی بە تاکە بەدیلی ڕێک خراو لە ڕای گشتیی ئێران و ڕۆژئاوا نیشان بدا[۱۲]. خاڵە گرنگەکە لە ڕەچەڵەکناسیی ئەم ڕەوتە ئەوەیە کە لە نێوان توانای ڕێکخستنی مەیدانی و گوتاری میدیاییدا خاوەن کەلێنێکی گەورەیە، بەڵام سەرەڕای ئەوە، توانی زوو ئەم بۆشاییە پڕ بکاتەوە و وێنەیەک لە خۆی نیشان بدا کە زۆر بەهێزە و دەسەڵاتی یەکەمە. لە کاتێکدا لە مەیداندا زۆر لاواز بوو. سەرکەوتنی ڕەوتی شاپەرەستی لەم بوارەدا، ئەو گریمانەیە دەسەلمێنێ کە ڕاگەیاندن چۆن دەتوانێ خەونی ڕەوتێکی سیاسی بکاتە ڕاستی و لە ماوەیەکی کەمدا خۆی بکاتە ئەڵتەرناتیڤی دەسەڵات.

### ب) بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان؛ سەرمایەی کۆمەڵایەتی و زمانگیرانی میدیایی

لە بەرامبەر ئەم ستراتێژە ڕاگەیاندن تەوەرەی ڕەوتی ڕاستئاژۆی ئێرانی، بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان ڕاوەستاوە، کە سەرەڕای پاشخانێکی قووڵ و بەهێزی مێژوویی ـ کۆمەڵایەتی و پشتئەستوور بە ڕێکخستنێکی پتەوی حیزبایەتی نەیتوانیوە ئەم توانا گەورەیە بگۆڕێ بۆ "گێڕانەوەیەکی هێژمۆنیکی جیهانی" ۱۶ و تووشی زمانگیرانی سیاسی بووە. ڕاگەیاندنی کوردی لە ژێر کاریگەریی خۆبەکەمزانی و بازنەی داخراوی حیزبایەتیدا نەیتوانیوە ئەو پاشخان و خەباتە ڕێکخراوە بکاتە وێنە و گێڕانەوە.

ڕووی دەمی گوتاری ئەم ڕاگەیاندنە تەنیا لە بەردەنگە حیزبییەکەی خۆیەتی و لە بەرامبەر گێڕانەوەی ڕەوتی شاپەرستیدا بە لاوازی دەرکەوتووە. ئەم بازنە داخراوە وای کردووە کە بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان

نەتوانــــێ زمانێکـــــی هاوبەش لەگـــەڵ ڕای گشـــتیی ئێران و جیهاندا بدۆزێتەوە. لەسەر ڕای گشـــتیی کوردســـــتانیش لەناوچەکانی کرماشــــان و ئیلام زۆر بە لاوازی دەرکەوتووە. ئەو بۆشـــاییە وای کردووە ڕاگەیاندنی ڕەوتی شاپەرەســـتی بە کەڵکوەرگرتن لە کوردی ئەو ناوچانە ڕەوایی بزووتنەوەی سیاســـیی کورد بخاتە ژێر پرســـیارەوە. لـــە ئەنجامدا گێڕانەوە ڕکابەرەکانـــی کورد کە چەقی هـــزر و کردەیان تۆخکردنەوەی ناوەندگەراییـــە، توانیویانە ئەو بۆشاییە سیاسییە بە تۆمەت و چەواشەوکاری پڕ بکەنەوە.

لە کاتێکـــدا کە بزووتنەوەی سیاســـیی کوردســـتان لـــە مەیدانـــدا زۆر بەهێزە، لە شـــەڕی تێگەیشـــتندا بەهـــۆی نەبوونی ڕاگەیاندنی ســـتراتێژیک نەیتوانیوە ڕەوایی و پوختەیی سیاســـی خۆی جێگیر بکا[۱۳]. ئەم زمانگیرانە سیاسییە وای کردووە ئەو سەرمایە کۆمەڵایەتییـــە بەهێـــزەی لە کوردســـتان بەرهـــەم هاتووە لە دواجـــاردا بچێتە خزمەت بەرژەوەندیـــی ئەو ڕەوتانـــەی ڕاگەیاندنیان نە وەک ئامـــرازی هەواڵ و زانیـــاری، بەڵکوو بە خودی هێز پێناســـە کردووە.

## ٣ . ڕای گشتی؛ سەرچاوەی سەرەکیی هێز و گۆڕەپانیی ململانێ

ڕای گشـــتی لە فەزای سیاســـەتی مودێڕندا چیتر دیاردەیەکی پاشـــکۆ و بەســـتراوە یا دژکـــردەوە بەرامبـــەر بە دەســـەڵات نییە، بەڵکوو بۆخۆی دەبێتە ســـەرچاوەی سەرەکیی هێز. لە ڕاســـتیدا لە جیهانـــی هاوچەرخدا هیچ دەســـەڵاتیکی سیاســـی بێ ڕازیکردنی ڕای گشـــتی یان لانیکەم ئاراســـتەکردنی ڕای گشـــتی ناتوانێ لە مەیداندا دەســـکەوت بۆخۆی مســـۆگەر بکا. ڕای گشـــتی هێزێکی چەکداری نەبینراوە کـــە دەتوانێ بناغەکانی زلهێزترین ڕژێمە سیاســـییەکان بڕووخێنێ یان لاوازترین ڕەوتە سیاســـییەکان بگەیەنێتە دەسەڵات[۱۴].

ئـــەم شـــیکردنەوەیە نیشـــانی دەدا کە هێزی ڕاســـتەقینە چیتر لە کۆگاکانی چەک یان ژمارەی هێزە چەکدارەکان پاشـــەکەوت ناکـــرێ، بەڵکوو بەســـتراوەتەوە بە ئاســـتی کاریگەریی "گێڕانەوەی زاڵ" لەســـەر مێشکی جەماوەردا. بۆ ئەو بزووتنەوە سیاســـییانەی لە گەمارۆی هەواڵ و ســـەرکوتی دەســـەڵاتدان، ڕای گشـــتی تاکە دەروازەیە بـــۆ دەربازبوون لەم ناهاوســـەنگییە. ئەگەر ڕەوتێکی سیاسی بتوانـــێ لە ڕێگـــەی ڕاگەیاندنـــەوە کۆمەڵگا پەلکێش بـــکا بـــەرەو بەرنامـــە و ئامانجە سیاســـییەکانی، تێچووی پەلامار و هێرشی سەربازی بۆ ســـەر دەســـەڵات زیاتر دەکا و ئەوەش ڕێگا خـــۆش دەکا بـــۆ دانپێدانان و پشتگیری لە ئاســـتی نێودەوڵەتیدا.

لە شـــیکردنەوەی نموونە جیهانییەکان لەســـەر کاریگەریی ڕای گشتی، دەکرێ ئاماژە بکەین بـــە ڕۆڵی کاریگەریـــی ڕاگەیاندن لە بەهاری عەرەبـــی یان ڕۆژهەڵاتـــی ئەورووپا. بـــۆ نموونە کاریگەریی کەناڵـــی ئەلجەزیرەی قەتەر لە وڵاتانی عەرەب و موســـڵمان. گادی ۆلسفێلد لە تیۆریی سیاســـەت و ڕاگەیاندندا ئاماژە بەوە دەکا کە گرووپە لاوازە سیاسییەکان بۆ زاڵبوون بەســـەر گرووپە باڵادەســـتەکان ناچارن پەنا ببەنەبەر ستراتێژیی "گواستنەوەی پەیام بۆ ڕای گشـــتی" تا بتوانن ســـەرنجی ناوخۆ و جیهان بۆلای خۆیان ڕابکێشـــن[۱۵]. ئەو بـــۆ پشتراســـتکردنەوەی بۆچوونەکەی ئامـــاژە بە بزووتنەوەی ســـەربەخۆییخوازانەی

کاتالـــۆن و ســـکۆتلەندییەکان دەکا کە چۆن توانای خۆیان خســـتووەتە گەڕ بۆ پێکهێنانی تۆڕێکـــی فرەزمانی ڕاگەیانـــدن، بۆ گەیاندنی گێڕانـــەوەی خۆیان بـــە گوێی جیهان.

ڕەوتی شاپەرەســـتەکانیش لـــە ئێران بە لاســـاییکردنەوەی ئەم ســـتراتێژییە جیهانییە و بە هەســـتکردنی بـــە گرنگیـــی پارادایمی "سیاســـەتی نواندنەوە" توانیویەتی لەڕێگەی بەرهەمهێنانی پیشـــەیی، ڕای گشتیی ئێران ئاراســـتە بکا و خـــۆی وەک جەمســـەری ســـەرەکیی ئۆپۆزیســـیۆنی ئێرانی بناسێنێ. لـــە کاتێکدا کە بزووتنەوەی کوردســـتان بەو پاشـــخانە دەوڵەمەندە سیاســـی و مێژووییە، نەیتوانیوە ئەم ســـەرکەوتنە مەیدانییە بکاتە باڵادەستیی ســـتراتێژیی سیاسی لە ئاستی ناوخـــۆ و جیهانیدا.

شـــەڕی ڕای گشـــتی بۆ کوردســـتان گۆڕەپانێکـــی ناهاوســـەنگە کـــە ڕەوتـــی ڕاســـتئاژۆی ئێرانـــی لە تاراوگـــە لە ڕێگەی ڕاگەیاندنـــەوە هەوڵی ناشـــیرینکردنی دەدا و خەریکە دەیگوازێتەوە بـــۆ ناوخۆی وڵاتیش. لێرەدایە کە پێویستە ڕاگەیاندن ئەرکی گرنگی "دیپلۆماسیی گشتی" وەئەستۆ بگرێ و پێش بە ناشیرینکردن و چەواشـــەکردنی خۆی لە ڕای گشتی ئێراندا بگرێ. وەک عەلی ئەلمووسەوی ئامـــاژەی پێ دەکا هزر لـــە چاخی دیجیتاڵدا بریتییـــە لە توانای پێناســـەکردنی دۆخ. هەر ڕەوتێـــک کە بتوانـــێ دۆخـــی هەنووکە بۆ جەماوەر شـــی بکاتەوە و کاریگەری لەســـەر ڕای گشـــتی دابنێ، ئیـــرادەی خەڵک دەخاتە خزمەت بەرژەوەندی و ئامانجەکانی خۆیەوە [١٦].

بزووتنەوەی سیاســـیی کوردستان دەبێ ڕاگەیاندن لەناو بازنەی تەســـکی حیزبایەتی ڕزگار بـــکا و بە فـــۆرم و گوتارێکـــی نوێوە بەرەوپیری گۆڕانکارییە سیاســـییەکان بچێ. ئامانجی کاری ڕاگەیاندن دەبێ کاریگەریدانان بێ لەســـەر ڕای گشـــتی و گواستنەوەی ئەو توانا مەیدانییە بۆ ســـتۆدیۆ لەڕێگەی وێنە و گێڕانەوە. هەنگاوێکی گرنگی دیکە پەرینەوەیە بۆ میدیایەکی نیشـــتیمانی کـــە بتوانێ ئەو پاشـــخانە قووڵە مێژوویی و سیاســـییە بکاتە ئازارێکـــی جەمـــاوەری لە ئاســـتی ناوخۆدا. گۆڕینـــی هێـــزی مەیـــدان و قارەمانەتیی پێشـــمەرگانە بۆ هێزی سیاسیی دیپلۆماتیک، پێویستی بە ڕاکێشانی ســـەرنجی بەردەنگی ســـەربەخۆی کورد، ئێرانـــی و جیهانییە کە تەنیا لەڕێگـــەی ڕاگەیاندنێکی پیشـــەیی، فرەدەنگ و فرەزمانـــەوە دێتە دی[١٧].

ئەرکی ڕاگەیاندن لە ئاراســـتەکردنی ڕای گشـــتیدا کاتێک دەگاتە لوتکـــە کە لەوە تێ بگەین لـــە جیهانی پاش ـــ حەقیقەت ئەو واقعەی لە ڕاگەیاندندا دروســـت دەکرێ، زۆر بەهێزتر و کاریگەرتـــرە لەو واقعەی لە مەیدان لە ئارادایە. کاســـتێلز بە جوانی ئـــەوە ڕوون دەکاتەوە کە "لـــە دەرەوەی بازنەی ڕاگەیاندن، شـــتێک بە ناوی هێز بوونـــی نییە" چونکە هـــەر کردەیەک کـــە لە ڕاگەیانـــدن ڕەنگ نەداتـــەوە، بە کـــردەوە لە مێـــژوودا تۆمار ناکـــرێ[١٨]. بۆیـــە پێویســـتە بزووتنەوەی کوردســـتان بۆ دەرچوون لەو بازنە داخراوە و بوون بە جەمســـەرێکی هێژمۆنیک، ڕاگەیاندن بکاتە بناغەی ســـەرەکیی هێـــز و کارگەی "بەرهەمهێنانی ڕەوایی". بـــێ وەبەرهێنان لە بـــواری گێڕانەوەی بان حیزبی و بەشـــداریی چـــالاک لـــە شـــەڕی تێگەیشـــتنەکان، تەنانەت گەورەتریـــن ڕاپەڕینە مەیدانییەکان دەکەونـــە بەر نەشـــتەری چەواشـــەکاری، دەستبەســـەرداگرتن یان لەبیرکردن. حیزبە سیاسییەکانی کوردستان دەبێ بە تێگەیشتن

لەم واقیعە کە ڕای گشتی لەڕێگەی ڕێکخستنی ڕاگەیاندنەوە کۆنترۆڵ و ڕێک دەخرێ، کەڵک لە ئەزموونە جیهانییەکان وەربگرن. بە پەڕینەوە لە زمانگیرانی میدیایی، هاوسەنگی هێز لە بەستێنی سیاسیی ئێران و جیهاندا لە بەرژەوەندیی ئامانجەکانیان بقۆزێتەوە کە زۆر نزیکن لە بەها لیبراڵەکان و لە پیاوە شەڕکەرەکانەوە بیگوازنەوە بۆ هاوکێشەیەکی سیاسی بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی مرۆیانە، دیموکراتیک و دادپەروەرانە. بۆ قۆناغی ئێستای بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان داگیرکردنی "فەزا" هێندەی گەڕاندنەوەی "خاک"ی داگیرکراو گرنگە. لەم قۆناغ و سەردەمەدا، ڕاگەیاندن تەنیا ئامرازێکی لاوەکی یان پاشکۆیەکی کولتووری نییە، بەڵکوو خودی هێزە.

## پەراوێزەکان:

1- Reality
2- Representation
3- Hard Power
4- Soft and Symbolic Power
5- Hegemonic Power
6- The Post – Truth World
7- Power
8- Authority
9- Disciplinary Power
10- Biopolitics
11- Soft Power
12- Public Diplomacy
13- Coercion
14- Inducement/ Payment
15- Attraction/ Persuasion
16- Hegemonic Global Narrative

## سەرچاوەکان


1. وبر، ماکس، الاقتصاد و المجتمع، ترجمە فؤاد زکریا، المنظمە العربیة للترجمە، بیروت (لبنان)، 2015، ص: 81.
2. البدری، عبدالکریم، علم الاجتماع السیاسی، دارالمعرفە الجامعیة، القاهرە، 2014، ص: 69
3. الحورانی، محمد عبدالکریم، النظریة المعصرهة فی علمالاجتماع، دارالمجدلاوی للنشر و التوزیع، عمان، 2010، ص: 211.
4. غیث،محمد عاطف، علمالاجتماع السیاسی، دارالمعرفة الجتمعیة، الاسکندریة (مصر)، 2007، ص: 145.
5. Foucault, Michel, Discipline and Punish: The Birth of the Prison, New York: Vintage Books, 1995, p: 135 - 194
6. Foucault, Michel, The History of Sexuality, Volume1: An Introduction, New York, Vintage Books, 1990, p : 135 – 159.
7. Nye, Joseph S. Jr, Soft Power: The Means to Success in World Politics, New York, Publish Affairs, 2004, p : 1 – 11.
8. Castells, Manuel, The Rise of the Network Society, 2nd ed., Oxford: Blackwell Publishing , 2010, p : 469.
9. کاستلز، مانوئل، عصر الملومات: الاقتصاد و المجتمع و الثقافة، المجلد الاول: نشأة مجتمع الشبکات، ترجمة فایز الصیاغ، المنظمة العربیة للترجمة (بیروت)، 2005: ص : 480.
10. Castells, Manuel, Communication Power, Oxford University Press, 2009, p : 3 – 12.
11. کاستلز،مانوئل،پێشوو.
12. بشاش، هیوا، نقش رسانەهای نوین در بازنمایی خیزش ژینا، فصلنامە مطالعات سیاسی ایران، دورە 5، شمارە 3، 1402، صص : 45 ــ 60.
13. عمر، فریاد، الحرکة الکردیة فی ایران و تحدیات الاعلامی بعد عام 2022، مجلة الدراسات السیاسیة، مرکز الدراسات الاستراتیجیە، اربیل،

2018 ص : 16.

14. حمادة، جواد، الٓاعلام و السياســـة: هندســـة الرأى العام، الدار للعلوم ناشـــرون، بيروت، 2018.

15. Wolsfeld, Gadi, Making Sense of Media and Politics, New York, Routledge, 2007, p : 55 – 70.

16. الموســـوى، على، سلطة الٓاعلام فى العصر الرقمى، دارالفجر للنشر و التوزيع، 2020، صص : 102 ــ108.

17. عمر، فرياد، پێشوو.

18. Castells, Manuel, Communication Power, Oxford University Press, Oxford, 2009, p : 3.